عوسمان عەلی

# کاتێك زەردەخەنەکان دەبنەوە فرمێسك

سەرلەئێوارەی ٧/٢٦ لەهۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان رێورەسمی چلەی ماتەمینی هونەرمەند عوسمان عەلی بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان, لایەنە حزبیو حکومی, هاورێیانو کەسوکاری خوالێخۆشبوو بەرێوەچوو.

لەرێورەسمەکەدا کە لەلایەن یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانو تیپی مۆسیقای سلێمانی رێکخرابوو, چەندین بابەت لەسەر ژیانو بەرهەمەکانی هونەرمەند نمایشکرا.

لەپەراوێزی رێورەسمەکەدا هونەرمەندی ناودار کەریم کابان بەئاسۆی راگەیاند کە خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی جێگەی تایبەتیو جەماوەرێکی زۆری هەبووە, ئاوازو شیعری جوانی بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژارد.

هەروەها هونەرمەند ئەوین خان کچی خوالێخۆشبوو بەئاسۆی راگەیاند؛باوکی ئێمە باوکێکی زۆر جیاواز بوو هاورێمان بوو, لەهەموو کاتەکانی ژیاندا راستەوخۆ هانامان بۆ دەبردو یارمەتی دەدایین, نەك هەر بۆ ئێمە بەڵکو بۆ منداڵەکانیشمان زۆر دڵسۆز بوو, وتیشی: ناتوانم وەك کچێك لەئاستی گەورەیی ئەودا بم, بەتایبەت من کە لەگەڵیدا کارم کردووە.

زانا محەمەد هەژاری مۆسیقاریش کە لەچەندین بەرهەمی خوالێخۆشبوودا بەشداربووە باسی لەوە کرد کە هونەرمەند بەهەڵوێستەکانیو ئاوازەکانی خۆشەویستی فێری نەوەکانی ئایندەکردو ئاماژەی بەوەشکرد کە لەتیپی مۆسیقای سلێمانی جوانترین کاری پێشکەش کردووە تا ڤێستیڤاڵی دیاری کرد کە هەموو جەستەی لەخزمەتی هونەری کوردیدا بووە.